# توانستە جوگرافیەکانی گەشتوگوزاری تاریک لە قەزای دوکان

بەشی جوگرافیا – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی

ئامانج جلال احمد پ.د. شیروان عمر رشید

عدنان علی محمد
mamosta.adnan1988@gmail.com

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٣/٢ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

زاراوەی گەشتوگوزاری تاریک زاراوەیەکی نوێیە لە بواری ئەکادیمیدا. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر چەمکی گەشتوگوزاری تاریک و سەرهەڵدانی، هەروەها ئامانج و هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت گرنگیدان بەم جۆرە گەشتوگوزارە کە بە تاریک یان ڕەش ناودەبرێت، لەبەر پەیوەندی بە لایەنە تاریک و تراژیدییەکانی مرۆڤایەتییەوە وەک مەرگ و ئازار و توندوتیژی.

شاڵاوی ئەنفالی یەك (ئەنفالی دۆڵی جافایەتی- کە لە 22ی شوبات تاکو 19ی ئاداری 1988 ئەنجامدراوە, ئەم شاڵاوە بە هێرشکردن بۆ سەر گوندەکانی (سەرگەڵو و بەرگەڵو)ی دۆڵی جافایەتی دەستپێکرد و لە بنگردەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لە وێشەوە شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە. ئامانجی ئەم هێرشە لەناوبردن و وێرانکردنی 25 بۆ 30 گوندی دۆڵی جافایەتی بوو. کەتێیدا نوێترین چەکی قورس بەکارهێنرا کە بوونە هۆی وێرانکارییەکی زۆر لەم ناوچانە, زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە کەوتنە بەر هێرشەکە و بەشێکیان توانیان لە ناوچەکە رابکەن و رزگاریان ببێت و بەشێکی خەڵکەکەش دوای دەستگیرکردنیان لە لایەن سوپاوە، شوێن بزر کران. ئەمەش بە یەکێك لە تراژیدیترین کارەساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت.مۆنۆمێنتی ئەنفال لە سەنتەری قەزای دوکان و شوێنەواری ئەم کارەساتە لە گوندەکانی ناوچەکە شاهیدی گێرانەوەی ئەو کارەساتەیە کەبەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هاتووە, گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بوون یان نەبوونی چالاکییەکانی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دانراوە.

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە لە پاڵ چالاکییە گەشتوگوزاریەکانی تردا لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بایەخ و گرنگی پێنەدراوە و مۆنۆمێنتی ئەنفال نەکراوەتە سەرچاوەیەك بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

<u>کلیلە ووشەکان</u>: (گەشتوگوزاری تاریك, قەزای دوکان, ئەنفال, چەکی کۆکوژ, مۆنۆمێنتی ئەنفال)

**پێشەکی**

گەشتوگوزاری تاریک چالاکییەکی نوێ نییە، چونکە خەڵک هەمیشە ڕاکێشراون بۆ ئەو شوێن و ڕووداوانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مەرگ، ئازار، توندوتیژی یان کارەساتەوە هەیە. بۆ نموونە،

sjh@univsul.edu.iq

یارییە ڕۆمانییەکانی گلادیاتۆر و ئامادەبوون لە لەسێدارەدانە ئاشکراکانی سەدەکانی ناوەڕاست. یەکێک لە یەکەم شێوەکانی ئەم گەشتوگوزارە لە سەردەمی نوێدا، یەکەم گەشتی ڕێنیشاندەر بوو لە ئینگلتەرا لە ساڵی 1838 کە بە شەمەندەفەر بوو بۆ بینینی لەسێدارەدانی دوو پیاوکوژ.

هەروەها سەردانی خانەکانی توێکاری دیاردەیەکی باو بوو لە گەشتەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە پاریس، کە لەوانەیە پێشەنگ بووبێت بۆ پێشانگاکانی "Body Worlds" لە لەندەن و تۆکیۆ و شوێنەکانی تر لە کۆتایی 1990ـەکانەوە، کە دەیان هەزار سەردانکەری ڕاکێشا. هەروەها ئەو شوێن و جێگایانەی پەیوەندییان بە جەنگەوە هەیە یەکێک بوون لە جێگە گەشتیارییە هەرە باو و جۆراوجۆرەکان لە سەدەی ڕابردووەوە، بۆیە ئەمە یەکێکە لە دیاردەکانی گەشتوگوزاری پەیوەندیدار بە مەرگ و ئازارەوە.

ئەم جۆرە گەشتوگوزارە زۆر جار پەیوەندی بە شوێنی دیاریکراوەوە هەیە وەک نهۆمی شەشەم لە دالاس (تێکساس)، گۆڕستانەکان، بەندیخانەکان، کردەوە دڕندەییەکان و کۆمەڵکوژییەکان یان پاشماوەکانی کۆیلایەتی. بەڵام ئەم جۆراوجۆرییە لە فاکتەرەکانی ڕاکێشانی پەیوەندیدار بە مەرگەوە لە "ئەزموونی دراکولا" لە شانشینی یەکگرتوو یان مۆزەخانەی تەرمەکان لە ڤیەننا تا شوێنی مردنی کەسایەتییە بەناوبانگەکان یان کارەساتە گەورەکان وەک گراوند زیرۆ، کێشەی دروستکردووە لە پۆلێنکردنی ئەم جۆرانەدا.

سەرەڕای بوونی مێژوویی جۆراوجۆر و زیادبووی گەشت و ڕاکێشان بۆ شوێنە پەیوەندیدارەکان بە مەرگ و ئازار و توندوتیژییەوە، ئەم دیاردەیە گرنگی پێنەدراوە لەلایەن زانایانەوە تا ئەم دواییانە لەژێر ئەوەی پێی دەوترێت "گەشتوگوزاری تاریک"، کە چەندین هەوڵدراوە بۆ ناولێنانی وەک: گەشتوگوزاری ترسناك [Morbid]، تاناتوریزم [Thana tourism]، شوێنی ڕەش [Black-Spot]، کردەوە ڤێزەونەکان [Milking the Macabre].

هەروەها دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە هەندێک لایەنی گەشتیاریی تاریک وەک هەندێک لە مۆزەخانەکانی جەنگ کە پشتیان بە تەکنیکی کۆن و نوێ بەستووە بۆ پیشاندانی یادەوەری جینۆساید و پاشخانە سیاسییەکانیان، هەروەها ئەو پاڵنەرانەی کە گەشتیاران ڕادەکێشن بۆ ئەم جۆرە شوێن و ڕووداوانە، کە جیاوازن لە نێوان گەڕان بەدوای ناسنامەی بەکۆمەڵ یان مانەوە لە بەرامبەر توندوتیژی ژیانی ڕۆژانەدا.

لەبەر ئەوەی گەشتیاریی تاریک پەیوەندی بە یەکێک لە لایەنەکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە کە بریتییە لە مەرگ و ئازار، گرنگی توێژینەوەکە لە هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لە گەشتوگوزاری تاریک و شوێنکەوتنی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی و هۆکاری گرنگیدانی ئەکادیمی بەم دیاردەیە دەردەکەوێت. لە لایەنی پراکتیکییەوە، هەوڵدەدات بۆ پیشاندانی ڕادەی بوون و پراکتیزەکردنی ئەم گەشتیارییە لە واقیعدا و پێگەی لە بواری گەشتوگوزاریدا بە گشتی، و ئایا پێویستە هاندان و پروپاگەندە بۆ ئەم جۆرە گەشتوگوزارە بکرێت.([1])

ئەم توێژینەوەیە بە ناویشانی (توانستە جوگرافیەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان) هەوڵێکە بۆ ناساندنی ناوچەکە وەك وەکو یەکێك لەو شوێنانەی کە پاکتاوی نەژادی یان ڕەگەزی تیایاندا ڕوویانداوە و لە ئێستادا بەهۆی بوونی دەیان گوندی ئەنفالکراو و کیمیای بارانکراو و مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزاکەدا گەشتیاران ئەتوانن وەك پێگەیەکی گرنگی گەشتوگوزاری تاریك سەردانی بکەن و لە نزیکەوە چاویان بەو تراژیدیا و کارەساتانە بکەوێت کە بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هاتووە.

[1] -قاسي, نجاة(2019),السياحة المظلمة مقاربة مفاهيمية, مجلة الاجتهاد الاقضائي, المجلد 12,العدد1, الجزائر, ص234

**<u>کێشەی ئەم توێژینەوەیە</u> چڕدەبێتەوە لەسەر تیشکخستنەسەر چەمکی گەشتوگوزاری تاریک و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ، هەوڵدەدەین وەڵامی چەندین پرسیار بدەینەوە بەتایبەتی خاڵەکانی خوارەوە:**

- ناوچەکە کارەساتی مرۆیی وای تیادایە بتوانرێت بکرێت بە شوێنی گەشتوگوزاری تاریك؟
- دەکرێت ئەم جۆرە گەشتوگوزارە هاوشانی جۆرەکانی تری گەشتوگوزار لەناوچەی توێژینەوە جێبەجێبکرێت؟

**گرنگی توێژینەوەکە .**

- شیکردنەوەی تایبەتمەندیی گەشتوگوزاری تاریك و گرنگترین شوێنەکانی ئەنجامدانی ئەم چالاکیە لە جیهان و ناوچەی توێژینەوەدا.
- هەوڵێکە بۆ ناساندنی کارەساتی ئەنفال و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنی ڕووی گەشتوگوزارییەوە.

**<u>گریمانەی توێژینەوەکە:</u>**

- بوونی توانستی گەشتوگوزاری تاریك لە ناوچەی توێژینەوە.
- کارەساتی ئەنفال نەبووەتە هۆی ئەوەی ناوچەکە ببێتە ناوەندێکی پێشوازیکردن لە ئارەزوومەندانی گەشتوگوزاری تاریك.

**<u>ئامانجی توێژینەوەکە:</u>**

- خستنەڕووی توانستەکانی گەشتوگوزاری تاریک بەمەبەستی هاندانی گەشتیاران بۆ سەردانیکردنی ناوچەی توێژینەوە.
- ناساندنی گەشتوگوزاری تاریک و چۆنیەتی پەرەپێدانی ئەو ناوچانە لەڕووی گەشتوگوزارییەوە .

**<u>میتۆدی توێژینەوە:</u>**

بۆ وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکە، پشتمان بە میتۆدی مێژوویی بەستووە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی گەشتوگوزاری تاریک، و میتۆدی وەسفی بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و میتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی ئەو داتا و زانیارییانەی لەسەر کارەساتی ئەنفال و مۆنۆمێنتی ئەنفال و ژمارەی سەردانکەرانی مۆنۆمێنتەکە هاتووە.

<u>پلانی توێژینەوەکە :</u>

هەروەها توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەر، تەوەری یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە, تەوەری دووەم چەمکی گەشتوگوزاری تاریک لە ڕووی پێناسە و سەرهەڵدان و گرنگی وپۆلێنکردنییەوە لەخۆدەگرێت؛ تەوەری سێیەم تایبەتی بە کارەساتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گەشتوگوزاری تاریك لە قەزای دوکاندا.


**تەوەری یەکەم**

**ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

قەزای دوکان یەکێکە لە قەزاکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای پارێزگاکە. نەخشەی (1) و بەشی باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق.نەخشەی (2).ئەوەی تایبەتە بەشوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی

تویژینەوەدەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی( 35 34 35 ) ( 12 51 36)ی باکور و هەر دوو هێڵی درێژی ( 18 44 42) و ( 25 20 45) ی خۆرهەڵات. نەخشەی (3)

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی قەزای دوکان بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی





سەرچاوە/ ئامادەکراوە بەپشتبەستن بە:-

1. بەرنامەی (Arc GIS10.2)
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS),پێگەی قەزای دوکان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی,2020.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


نەخشەی ژمارە(2) شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە/ئامادەکراوە بەپشتبەستن بە:-

1. بەرنامەی Arc GIS10.2
2. هاشم یاسین حمدأمین حداد و ئەوانی تر, ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق, عێراق و جیهان, چاپی یەکەم, لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری, هەولێر, 2009, لا.39

نەخشەی (3) شوێنی ئەسترۆنۆمی و کارگێری ناوچەی توێژینەوە




سەرچاوە/ئامادەکراوە بەپشتبەستن بە:-

1. بەرنامەی (Arc GIS10.2)
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS),نەخشەی کارگێری قەزای دوکان,2020.


ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانکارییە کارگێری و سیاسیانە دەگەڕێتەوە کە دووچاری ناوچەکە بوون. کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا کە ئاماژەمان بۆکرد, دەگاتە 18727کم2)واتە لە(15.5%) ی سەرجەمی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت. ڕووبەری پارێزگای سلێمانی دەگاتە 114539کم$^2$). قەزای دوکان لە (6)ناحیە پێکهاتووە, و هەریەکێك لەوناحیانەش کۆمەڵێك گوند لەخۆدەگرن. تێکرای گوندەکانی قەزای دوکان دەگاتە163کەبەسەر ناحیەکان دابەشکراون.

سنوری قەزای دوکان, هەرلەسەرەتای بوونی بەقەزا لە 16-6-1971تائەمرۆ چەندین جار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە,هۆکارەکەشی بۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی کارگێری و سیاسی دەگەڕێتەوە کەبەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە

sjh@univsul.edu.iq

بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی.لەرووی کارگێرییەوە قەزای دوکان لە(6)ناحیە پێکهاتووە کەبریتین لە(ناحیەی سەنتەر, سورداش, پیرەمەگروون, خەلەکان, خدران, بنگرد) و هاوسنورە لەگەڵ (7)قەزا. لەبەشی باکوردا ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ قەزای ڕانیە دەریاچەی دوکان بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت, هەریەك لە ناحیەکانی بەکرەجۆ و بازیانی سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی سنوری باشوری ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن. زنجیرەچیای بازیان و دەشتی کەڵەوانان, بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت.هەروەها لەباکوری خۆرهەڵاتدا لەگەڵ قەزای پشدەر هاوسنورە, زێی بچوك بەهێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت. هەردوو قەزای ماوەت و چوارتا دەکەونە بەشی خۆرهەڵاتی, چیاکانی سیرۆك و گۆمەزەڵ و ژیلوان و مام سەفەر بەهێڵی جیاکەرەوەی دادەنرێت. قەزای کۆیە, کەسەر بە پارێزگای هەولێرە, هاوسنورە لەگەڵ بەشی باکوری خۆرئاوای زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت,لەکاتێکدا قەزای چەمچەماڵ هاوسنورە لەگەڵ بەشی باشوری خۆرئاوای ناوچەی توێژینەوە و زنجیرە چیای گەورەدێ و چەمی زەرزی بەهێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دادەنرێت. نەخشەی (4).

نەخشەی (4) سنووری کارگێری و سروشتی ناوچەی توێژینەوە




**سەرچاوە/ئامادەکراوە بەپشتبەستن بە:-**

1. فایلی (DEM) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Gis 10.2).
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری(GIS), نەخشەی تۆپۆگرافی قەزای دوکان,2020.

قەزای دوکان بە گوێرەی دابەشکردنی یەکەکانی بەرزی ونزمی پارێزگای سلێمانی ناوچەیەکی هاوبەشە لەنێوان ناوچە شاخاویە پێچ ئاڵۆزەکان وپێچ ساکارەکان, ناوچە شاخاویە پێچ ئاڵۆزەکان بەرزیان لە نێوان ( 1500-3500 م)دایە لەئاستی

ڕووی دەریاوە, بەشەکانی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵاتی قەزای دوکان دەگرێتەوە, بەشێوەیەکی گشتی بەوە جیادەکرێنەوە کەچیاکانی بڵند و سەرکەشن. گرنگترین زنجیرە چیاکانی ناوچەی توێژینەوە بریتین لە چیای سارا کە بەرزییەکەی دەگاتە (1800م), چیای کۆسرەت (1579م), یاخیان(2103م), سورداش(1530م), مام سەفەر1562م),ئاسۆس(1640م), ئاسنگەران(1460م) پیرەمەگرون2620م), شێخ باغ1730م) لەئاستی ڕوویدەریاوە. و سنوری جیاکەرەوەن لەگەڵ ناوچەی شاخە پێچ سادەکاندا, شاخەکانی ئەم ناوچەیە بە زۆری لوتکەکانی و بەکوڕی و نشێوی دامێنەکانی ناسراون, زۆرجار پێچەکانی لێک نزیکدەبنەوە و بارستە چیاییەکانی فراوان دەبن, و دۆڵەجیاکەرەوەکان زۆرتەسک دەبنەوە و بایەخی کشتوکاڵیان کەم دەبێتەوە, ئەوەی کەسەختی ناوچەکەی زیاتر کردووە, کاریگەریی هۆکارەکانی ڕاماڵینە, بەهۆی بارانی زۆر و بەخوڕ و مانەوە و کەڵەکەبوونی بەفر و کەمیی ڕووەکی سروشتی. (1)

ئەم پێکهاتە تۆبۆگرافییە زۆر سەخت و کوڕە وایکردووە کە نیشتەجێبوون و ئاوەدانی لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراودابێت, بەتایبەتی لەوشوێنانەی کە بۆ کشتوکاڵکردن و لەوەرگەی سروشتی بەکاردەهێنرێن، ناوچە شاخاوییەکان, بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات و ڕووبەرێکی کەمی بەشی ناوەڕاست و باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆلینەوە دەگرێتەوە, ڕووبەرەکەی دەگاتە(416102)کم$^2$ بەوپێیە (23.3%) ڕووبەری ناوچەی لێکۆلینەوە پێکدێتنێت. هەرچی ناوچەی دۆڵەکانە ڕووبەرەکەی دەگاتە(457149کم$^2$) کە دەکاتە(25.6%). هەروەها ناوچەی دەشت و زورگەکانە, تەواوی بەشەکانی تری قەزای دوکان پێکدێنن, ڕووبەرەکەیان دەگاتە (908597کم$^2$ بەو پێیە (50.9%) سەرجەمی گشتی ناوچەی توێژینەوە پێک دێنێت(٢)

## تەوەری دووەم

## چەمک و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی گەشتوگوزاری تاریک

گەشتوگوزاری تاریک یان ڕەش، هەموویان ناوێکن کە دراون بە یەکێک لە شێوە ناباوەکانی گەشتوگوزار، کە پەیوەندی بە هەندێک لایەنی تاریک و تراژیدی مرۆڤایەتییەوە هەیە وەک مەرگ و ئازار و توندوتیژی و کوشتن و ئەشکەنجە و جینۆساید و کارەسات... بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەم شێوەی گەشتوگوزارە، پێویستە باس لە پێناسە و سەرهەڵدان و پۆلێنکردنی بکرێت. شایەنی باسە کە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی "گەشتوگوزاری تاریک"مان بەکارهێناوە چونکە - بە بۆچوونی ئێمە - نزیکترە لە زاراوە ڕەسەنەکە کە بریتییە لە Dark Tourism.

1- سەرهەڵدانی بیرۆکەی گەشتوگوزاری تاریک:

- [1]ئامانج جلال احمد, شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان, نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە), فاکەڵتی پەروەردە,زانکۆی کۆیە,٢٠١٥,لا1-9, 42, 99-107.

2- شوکر سلام سلیم, شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و دەرهاویشتە ژینگەییەکانی لە قەزای دوکان, نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە), فاکەڵتی پەروەردە,زانکۆی کۆیە,٢٠21,لا5-7, 71, 82.

sjh@univsul.edu.iq

بیرۆکەی گەشتوگوزاری تاریک لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا لە نزیکەی بیست و پێنج (25) ساڵ لەمەوبەر دەرکەوت، ئەم بیرۆکەیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەو کاتەدا، چونکە گەشتوگوزار وەک چالاکییەکی خۆشی و چێژبەخش و بێ زیان سەیر دەکرا، بەڵکو هەندێک وەک ئامرازێک بۆ بەیەکگەیشتنی کۆمەڵگا و کولتوورەکان و فاکتەرێک بۆ ئاشتی و تێگەیشتن دەیانبینی. بۆیە بیرکردنەوە لەوەی کە دەکرێت لایەنی تاریک و بەرجەستەی هەبێت شتێکی خەیاڵی و شۆکهێنەر بوو لە هەمان کاتدا.

لە یەکەم دیاردەکانی گەشتوگوزاری تاریک لە سەردەمی نوێدا، ئەو ئاگرە بوو کە لە کەشتی SS Morro Castle ی ئەمریکی لە 1934/9/8 ڕوویدا و بووە هۆی مردنی 549 کەس. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە، ئەم ڕووداوە نزیکەی چارەکە ملیۆن کەسی ڕاکێشا دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە میدیای نووسراو و بیستراودا. تەنانەت گەشتی تایبەت بە شەمەندەفەر لە نیویۆرک و فیلادلفیاوە بۆ شوێنی ڕووداوەکە ڕێکخرا([1]).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە کە سەرنجدان لەوەی پەیوەندی بە مەرگ و کارەسات و توندوتیژییەوە هەیە دیاردەیەکی کۆنە بە کۆنی گەشتوگوزار خۆی، بەڵام گرنگیدانی ئەکادیمی بەم بیرۆکەیە تەنها لە بیست ساڵی کۆتاییدا دەرکەوت. ئەم گرنگیدانە بەهێز کرا بە دەرکردنی چەندین گۆڤار بۆ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ئەم توێژینەوانە، بەتایبەتی گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەکانی کەلەپور لە ساڵی 1995، گۆڤاری گەشتوگوزاری کەلەپور لە ساڵی 2006. هەروەها لە ساڵی 2012 دا پەیمانگای "گەشتوگوزاری تاریک" لە زانکۆی سەنتراڵ لانکەشایەر لە پرێستۆن دامەزرا بۆ کۆکردنەوە و بەراوردکردنی ئەم جۆرە توێژینەوانە، سەبارەت بە شوێن و شوێنەوارەکان لەم بوارەدا - پەیوەندیدار بە مەرگ و ئازار و توندوتیژی - تێبینی دەکرێت کە ئەمانە لە زیادبوونی بەردەوامدان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پروپاگەندەی میدیایی بۆ ڕووداو و شوێنە ترسناکەکان لە لایەکەوە، و لە لایەکی ترەوە چەندین کەس هەوڵدەدەن ئەم ڕووداو و شوێنانە بۆ مەبەستی گەشتیاری و قازانج بەکاربهێنن([2]).

2- چەمکی گەشتوگوزاری تاریک:

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، گرنگیدانی ئەکادیمی بە گەشتوگوزاری تاریک تەنها لە دواییدا دەرکەوت و یەکێک لە یەکەم پێناسەکان کە پێی درا، پێناسەی فۆلەی و لێنۆن (Foley and Lennon) بوو کە ئاماژەیان پێکرد وەک: "ئەو بەرهەمەی کە لەسەر بنەمای مەرگ و کارەسات و دڕندەیی دامەزراوە؛ تێکەڵەیەکە لە فاکتەرە نوێیەکان و بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سۆسیۆلۆجی و تەکنەلۆژییەکان، کە ئەم شوێن و ڕووداوانەیان کردووە بە بەرهەمێک بۆ گەشتوگوزاری تاریک."

بەم پێیە، دەکرێت گەشتوگوزاری تاریک پێناسە بکرێت وەک گەشتکردن بۆ سەردانی ئەو شوێنانەی پەیوەندییان بە مەرگ و ئازار و تراژیدیای مرۆیی و جۆرەکانی دڕندەیی و تۆقاندن و وێرانکاری و هەروەها کارەساتە سروشتییەکانەوە هەیە، چ ئەم شوێنانە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە مەرگ و ئازار و توندوتیژییەوە هەبێت (وەک

[1] - lennon , J , Foly , M , Dark Tourism The attraction of Death and disaster ,London, United of kingdom, 2002, p45 .

[2] - Corsane , G. Heritegae , Musemes and Gallery : An introductory Reader , London , Uinted Kingdom, 2005, p.25 .

گۆڕستان، مەیدانەکانی شەڕ، شوێنی جینۆساید) یان دروستکرابن بۆ نیشاندانی ئەم دیاردە و لایەنانە (وەک مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکان)([1]) .دەتوانرێت شوێنی گەشتوگوزاری تاریک خۆی وەک بەرهەمێکی گەشتیاری ئاڵۆز سەیر بکرێت "کە بە جۆرە جیاوازەکانی سەرنجراکێش و بەرهەم و خزمەتگوزاری تایبەتمەندە کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەپێی ئارەزووی هەر گەشتیارێک تێکەڵ دەکرێن و لەگەڵ بازنەی کۆتایی چێژوەرگرتن لە ئەزموونێکی خۆش(.[2]

توێژینەوەکان لە بواری گەشتیاریدا دەریدەخەن لە دەستنیشانکردنی ئەو توخمانەی کە سەرنجراکێشی هەرێمێک دیاری دەکەن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زانینی ئەو لایەنانەی کە هانی خەڵک دەدەن بۆ گەشتکردن، دەتوانرێت لەلایەن تراژیدیشەوە ئەو ڕووداوانە نیشانی گەشتیاران بدرێت کە لەماوەکانی ڕابرووردا لەسەر ئەو خاک و هەرێمە ڕوویداوە(.[3] جۆرێکی مشتومڕاوی گەشتیارییە. ئەم فۆرمەی گەشتیاری ئەو شوێنە سەرنجراکێشانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مردن، کارەساتی سروشتی یان هەر ڕووداوێکی تراژیدی ترەوە هەیە. هەرچەندە، چەمکی گەشتیاری تاریک لەم دواییانەدا لە توێژینەوەدا هاتوتە ئاراوە، بەڵام پراکتیزەکردنی ئەم فۆرمەی گەشتیاری مێژوویەکی پڕ لە یادەوەری هەیە، کارەساتەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ژیانمان هەیە، نەک تەنها لە ڕووی سۆزدارییەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە([4]). هەروەها زۆرێک لە زانایان زاراوە و ناوی دیکەیان هێنایە ئاراوە بۆ وەسفکردنی ئەم جۆرە دیاردەیە لەوانە گەشتوگوزاری کارەسات (تاناتوریزم)، گەشتوگوزاری پەڵەی ڕەش،گەشتوگوزاری خەمناک، گەشتوگوزاری مردن، بە لەبەرچاوگرتنی بەکارهێنانی ستانداردی زاراوەی گەشتوگوزاری تاریک لە پراکتیک و زانستی گەشتوگوزاریدا ([5]). بێگومان بواری زاراوە و پێناسەکان لە ئەدەبیاتی گەشتوگوزاری تاریکدا زاڵە لە کاتێکدا لە بواری لێکۆڵینەوە لە سروشتی داواکاری بۆ شوێنە گەشتیارییە تاریکەکان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو توێژینەوە سنووردارەکان لە چوار لایەندا چڕبوونەتەوە - هەردوو پاڵنەر و ئەزموونی گەشتوگوزاری تاریک، پەیوەندی نێوان سەردان و هەستکردن بە ناسنامە، و ڕێبازە نوێیەکان بۆ تیۆریزەکردنی بەکارهێنانی گەشتوگوزاری تاریک(.[6]

## 3- پۆلێنکردنەکانی گەشتوگوزاری تاریک

بەپێی زۆربەی بوارەکانی توێژینەوە، بە دەرکەوتنی بیرۆکەیەکی نوێ یان دیاردەیەک، چەندین بەش و لقی جیاواز دەردەکەون. لەم بابەتەدا، هەوڵدراوە کۆمەڵێک شوێن و بەسەرهات بە شێوەیەکی وەسفی پۆلێن بکرێن، کەواتە چەندین جۆر و ناونیشانی جیاواز دەرکەوتن وەک:

[1] Shahid Rasool and others, Dark tourism, Thana tourism, and ghost tourism a bibilometric visualization review for the last 23 years(2000-2023) , Journal of hospitality and tourism insight,2024, p2.

[2] - Babes – Bolyai, THE MAGIC OF DARK TOURISM , University of Cluj Napoca , Romania 2014, p.125 .

[3] - Biran , Avital and Hyde Kenneth, New perspective on dark tourism , internatonal journal of culture , tourism and hospitality Research , 2013, p.193 .

[4] -Stone, Philip , A Dark Tourism Spectrum : towards a typology of death and macabre realted tourist sites, attraction and exhibition , Tourism : An interdisciplinary international journal , 2006, p145.

[5] -Thomas Schrier , Dark Tourism : motivation and visit intentions of tourists , University of Missoury , Columbia , Missouri , USA, 107, 2016, p108.

[6] - Ryan , C , and Kohli, R, The Buired Village , New Zeland , and example of dark tourism, Asia Pacific journal of tourism Research , No 3, 2006, P.196.

- "تانەتوریزم" (*Thanatourism*)

- "گەشتوگوزاری جەنگ"

- "گەشتوگوزاری شوێنە ڕەشەکان" (*Black-Spot Tourism*)

- "گەشتوگوزاری ترسناک" (*Morbid Tourism*)

- "گەشتوگوزاری دڕندایەتی" (*Atrosity Tourism*)

- "گەشتوگوزاری کارەساتە سروشتیەکان(.([1]

لەم جۆرانەوە، چەندین لق دەرکەوتن وەک:

- "گەشتوگوزاری شوێنەکانی کوشتن یان تاوان"

- "گەشتوگوزاری پەیوەست بە کۆیلایەتی"

- "گەشتوگوزاری پەیوەست بە تیرۆر"

- "گەشتوگوزاری هۆلۆکۆست"

هەر توێژەرەی بۆچوونی جیاوازی لە پۆلێنکردن و ناولێنانیدا هەیە. بۆ نموونە، سیتۆن پێیوایە گەشتوگوزاری تاریک پێنج جۆری سەرەکی هەیە:

أ. ئامادەبوون لە جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی ئاشکرا.

ب. سەردانی شوێنەکانی مردن بەتاك یان بە کۆمەڵ.

پ. سەردانی مۆنۆمێنتەکان.

ت. ئامادەبوون لە نمایشی سیمبولی مردن.

ج. ئامادەبوون لە نمایشکردنەوەی ڕووداوەکانی پەیوەست بە مرد، لە ڕووی جیاوازی زۆری ڕووداو و شوێنەکانەوە، ناکرێت تەنها بە یەک پۆلێن دیاری بکرێن. میلز پێشنیار دەکات جیاوازی بکرێت لە نێوان "تاریکی" و "زۆر تاریک" بەپێی شوێن و ڕووداوەکان، بۆ نموونە، بەپێی میلز، سەردانی ئۆشڤیتز-بیرکیناو زۆر تاریکترە لە سەردانی مۆنۆمێنتی هۆلۆکۆستی ئەمریکی لە واشنتۆن، فۆلەی و لینۆن پشتیان بە بەهای مێژوویی بەست بۆ پۆلێنکردن. ئەوان پێیان وایە شوێنی زۆر تاریک لە دوو بنەمادا سەرچاوە دەگرێت:

[1] - Cooke , J, Dickson , H , Lonely planet Bluelist:The Best in travl 2007, Victoria , Australia , Lonely Planet Publications, 2006, p100.

أ. نوێبوونی ڕووداوەکان

ب. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ گواستنەوەی ڕووداوە کۆنەکان بۆ بیرەوەریی زیندووی گەشتیاران

ئەمە پاڵپشتی بیرۆکەی مایلز دەکات کە پێیوایە گەشتوگوزاری تاریک پشت دەبەستێت بە:

أ- هەستی گەشتیاران

ب- تایبەتمەندی شوێن و کات ([1].)

پ. گەشتوگوزاری ڕەش:

ت- گەشتیاران بە توندی سەرنجی مردن و کارەساتەکان دەدەن.- شوێنەکان تایبەت دروست کراون بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە، سەردانی گۆڕستانی کەسایەتیە ناسراوەکان دەکەوێتە خانەی گەشتوگوزاری زەرد، چونکە گەشتیاران زیاتر گرنگی بە ژیانی ئەو کەسایەتیانە هەیە نەک مردنیان([2]).ستۆن جۆرێکی تر لە پۆلێنکردنی پێشنیار کردووە کە پشت دەبەستێت بە فاکتەری:

أ- کات

ب- شوێن

پ- سیاسەت

ت- ئایدیۆلۆژیا ئەمانە گرنگن بۆ دیاریکردنی ئاستی تاریکیی هەر شوێنێکی گەشتوگوزار.([3])

4- هەندێک نموونەی گەشتوگوزاری تاریک

گەشتوگوزاری تاریک لە چەندین شێوەدا دەردەکەوێت( گەشتوگوزاری کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، گەشتوگوزاری کۆیلایەتی، گەشتوگوزاری مەیدانەکانی شەڕ، گەشتوگوزاری زیندانەکان، گەشتوگوزاری کارەساتە سروشتیەکان، گەشتوگوزاری پەیوەست بە تیرۆر([4]). گەشتوگوزاری کۆمەڵکوژی([5])

---

1 - Philip R . Stone , A dark Tourism spectrum : towards a typology of death and macabre realted tourist sites, attractions and exhibitions , Washngton, USA, 2006, P 149 .

2 - Matteo Benedetto , what is dark tourism , University of Applied Scincees Arts Northwestern Swizerland, 06 march 2020, p.4 .

3 *Philip Stone and Richard Sharpley, « Consuming Dark Tourism: A Thanatological Perspective », Annals of Tourism Research, Vol 35, N° 2, 2008, p578-579*.

4 - Gilbert M, The Holocaust ,: The Jewish Tragedy , London , Collins , 1986, p74 .

5 Definitions of Genocide and Related Crimes at www.un.org.

هەروەها گەشتوگوزاری تاریک لە شێوەی کەمتر توندوتیژدا دەردەکەوێت کە ئامانج لێی خۆشی و پێکەنین بێت بە بەکارهێنانی لایەنە تاریک یان ترسناکەکان، کە پێی دەوترێت "کارخانەکانی تاریکی بۆ کات بەسەربردن(.([1]

هەندێک کەس پێیان وایە زەحمەتە کۆکردنەوەی زاراوەکانی "گەشتوگوزار" و "کۆمەڵکوژی". بەڵام ئامارەکان نیشانی دەدەن:

- لە سەرەتای نەوەدەکان، کامپی ئۆشڤیتز ساڵانە 500,000 گەشتیاری سەردانی دەکەن.

- ئێستا ئەم ژمارەیە گەیشتووەتە ملیۆنێک

- ڕواندا ساڵانە 30000 گەشتیار ڕادەکێشێت بۆ مۆنۆمێنتی کۆمەڵکوژی، بۆ نموونە، یادگەی کیگالی و کڵێسەی نتاراما لە ڕواندا، کە شوێنی کۆمەڵکوژی 1994 .([2]).

گەشتوگوزاری کۆمەڵکوژی شێوەیەکی توندی گەشتوگوزاری تاریکە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی هەستیار هەیە.کاتێک باس لەم جۆرە گەشتوگوزارە دەکرێت، زۆرجار هۆلۆکۆست وەک نموونەی سەرەکی کۆمەڵکوژی دێتە بیر. بەڵام گرنگە پێناسەی وردی کۆمەڵکوژی بکرێت و جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی کە بە کۆمەڵکوژی دادەنرێت و ئەوەی کە دەرەوەی ئەم چەمکەیە. جێبەجێکردنی یاسای کۆمەڵکوژی لە چەندین شوێن:

1. ڕواندا (1994): پاش کۆمەڵکوژیی ساڵی 1994، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی توتسی

2. سربیا (2001): تاوانەکان دژی گەلانی بوسنە و هەرسەک لە یوگسلافیای پێشوو.

3. سودان (2005-2007): تاوانەکانی عمر البشیر لە ناوچەی دارفور.

ئەمانە گرنگترین نموونەکانی جێبەجێکردنی یاسای کۆمەڵکوژین.

بەپێی جۆن تۆنبریج و گریگ ئاشوورث لە کتێبیان کەلەپوری ناکۆک"، شوێنەکانی گەشتوگوزاری کۆمەڵکوژی ئەمانەن:

1. شوێنەکانی تاوانە دڕندەکان

2. یادگەکانی نزیک ئەو شوێنانە

3. شوێنە پەیوەندیدارەکان، وەک:

- ماڵی ئانا فرانک

- مۆزەخانەی یادەوەریی هۆلۆکۆست لە واشنتۆن

[1] - Merrin W. Crash, bang , wallop, what a picture : the death of Diana and the media , Mortality,1999, p41-62.

[2] *Philip R Stone and Richard Sharpley, « the darker side of travel, the theory and practice of dark tourism, », 2009, p207.*
Annacaludia Martini and Dorina Maria Buda, Dark tourism and affect: framing places of death and disaster, journal of current issues of tourism, Vol 23,issue 6,2020,p679.

ئامانجەکان تێکەڵەیەک لە:

أ- پەروەردەکردن

ب- توێژینەوە

ت- یادکردنەوە(.[1]

**تەوەری سێیەم**

**گەشتوگوزاری تاریک لە ناوچەی توێژینەوە**

ئەنفالی یەك (ئەنفالی دۆڵی جافایەتی- 22ی شوبات تاکو 19ی ئاداری 1988، ئەم شاڵاوە بە هێرشکردن بۆ سەر گوندەکانی (سەرگەڵو و بەرگەڵو)ی دۆڵی جافایەتی دەستپێکرد و لە بنگردەوە بۆ لای رۆژهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لە ویشەوە شارۆچکەی ماوەت و چوارتای گرتەوە. ئامانجی ئەم هێرشە لەناوبردن و وێرانکردنی 25 بۆ 30 گوندی دۆڵی جافایەتی بوو. کەتێیدا نوێترین چەکی قورس بەکارهێنرا کە بوونە هۆی وێرانکارییەکی زۆر لەم ناوچانە، لە ئەنجامدا بووە هۆی وێرانکردی گوندەکانی (قەمچۆغە، شاخەڕەش، دۆڵەڕووت، قزلەر، قەرەسەرد، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگرون، زێوێ، گەڕەدێ، دابان، مەرگەوشارستێن) هەروەها چەندین گوندی تر. هیچ گوندێك لەم ناوچەیە بێ زیان نەبوو، ئەوانەی مابوونەوە توشی تاڵانکردن بوون و سەرجەمی خەڵکەکەی بەرەو سنوورەکانی ئێران ئاوارە بوون((2[2]سوپای عێراق شاڵاوی یەکەمی ئەنفال و کیمیابارانکردنی لە دۆڵی جافایەتی بە هێرشکردن بۆسەر گوندەکانی سەرگەڵوو و بەرگەڵو دەستپێکرد و زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە کەوتنە بەر هێرشەکە و بەشێکیان توانیان لە ناوچەکە رابکەن و رزگاریان ببێت و بەشێکی خەڵکەکەش دوای دەستگیرکردنیان لە لایەن سوپاوە، شوێن بزر کران.

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغەکردنی جینۆساید و پێناسەی تاوانی نێودەوڵەتی هەریەك لە شاڵاوەکانی لەناوبردنی گەلی کورد دەچنە خانەی تاوانی نێودەوڵەتیەوە.

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی وایکرد ئەم ناوچەیە بەر کارەساتی ئەنفال بکەوێت :-

أ-سروشتی دۆڵی جافایەتی کە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و ئاڵۆز و پڕ ئەشکەوتە .

ب-مەڵبەندێکی سیاسی و پێشمەرگایەتی بارەگای سەرەکی یەکێتی بوو، هاوکات بەشێک لە حیزبەکانی خۆرهەڵات لەم ناوچەیەدا بارەگایان هەبوو .

پ-بوونی بارەگای سەرکردە سیاسیەکانی وەک ( سەرۆک مام جەلال و کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین ) زۆرێک لە سەرکردەکانی تر لە گوندەکانی یاخسەمەر و هەڵەدن و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو(.[3] گەلی کورد بە درێژایی مێژوو چەندینجار رووبەڕووی جینۆساید بۆتەوە، کەم ناوچەی

[1] - سارة درويش، مناطق الكوارث الطبيعية والحروب والمقابر تجذق عشاق، السياحة المظلمة، دراسة ترصد خريطة مزاراتها في مصر بين ساحات معارك قديمة ومدافن و ممرات سيول، ووكالات السفر توصي بزيادة التوعية والأهتمام ببنيتها التحتية، تم اطلاع عليه اليوم 2018/9/21 على الموقع www.://youm7.com/Home/.

[2] -چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : بێستون شارەستێنی، پەیامنێری گەلی کوردستان و شارەزا لە پرسی ئەنفال، 23-01-2025. دوکان .

[3] - ئارام هەڵەدنی، ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، 2022، سلێمانی، ل 179 .

باشووری کوردستان زۆرترین تاوانی بەرامبەر کراوە، دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحمود و شۆڕشی ئەیلول، جینۆسایدی کوردانی فەیلی، بۆمبارانی هەڵەبجە ئەنفالکردن و تۆپبارانکردنی دۆڵی جاافایەتی لە کۆتایی حەفتاکان ([1]).زیاتر لە مانگێکی خایاند، لە 18ی شوباتی 1988 تا 19 ی ئازاری هەمان ساڵ. دەستپێکی پەلاماری رژێمی بەعس بوو بۆ ناوچە کوردییەکان، هەوڵێك بوو بۆ تێکشکاندنی دابونەریت و کەلتوری نەتەوەیی و شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستان و بێ ئەرزش بوونی بەهای مرۆڤایەتی([2]). جینۆساید چەندین جۆر لە خۆدەگرێت: جەستەیی و بایەلۆژی، واتە رێگرییکردن لە پێشکەوتن و لەدایك بوون و زیادبوون. کەلتوری، واتە قەدەغەکردنی زمان، وێرانکردنی ژینگە و جێگە و شوێنەوارەکان و گوند و شارەکان. ئابووری، واتە تێکدانی سەرچاوەکانی ژیان و گەمارۆدان و بەربەست لە خستنە رێگەی بەرهەمهێنان([3])

**گرنگترین شوێنەکانی گەشتوگوزاری تاریک لە ناوچەی توێژینەوە :**

**1-مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان**

دەکەوێتە ناو سەنتەری شاری دوکان، تایبەتە بە ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، لەسەر ڕووبەری ٣ دۆنم بنیادنراوە، ساڵانە لە بۆنە و یادە جیاوازەکاندا یادی ئەم کارەساتە دەکرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و گروپ و کەسانی جیاواز بەمەبەستی جۆراوجۆر سەردانی ئەم مۆنۆمێنتە دەکەن، ئەمەش بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون بە کارەساتی ئەنفال و مێژووی کورد، بەتایبەتی خوێندکارانی خوێندنگا ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی گەشتی بۆ دەکەن، لە هەمانکاتدا کەسانی بیانی و ڕۆژنامەنووسە ئەوروپیەکانیش لە بۆنەکاندا ئامادەیی ئەم کارەساتە دەبن، ئەمەش بەشێکە لە چوارچێوەی گەشتوگوزاری تاریک([4].)ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە بەر کارەساتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی کەوتوون خەڵکی ناحیەی گاپیلۆنی سەر بە قەزای شارباژێرن، کە سەرجەمیان لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە شاری دوکان ڕوفاتیان بۆ کراوە،کارەساتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی کە لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو دەرحەق بە خەڵکی ناوچەکە کراون و ژمارەیان هەزار و ٥٠٠ کەس دەبوون، لە ناحیەی گاپیلۆن و چەندین گوندی چواردەوری، ئەمەش پرۆسەی یەکەمی ئەنفال بووە کە ٢١ی شوبات ئەنجام دراوە ([5]).سەرچاوەیەکە بۆ ناساندنی جینۆساید، ئەم مۆنۆمێنتە دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکان بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد، هیوادارین بەردەوامبێت لەو پێناوەدا، چونکە گەلی ئێمە بە ناساندن و گفتوگۆی بەردەوام لەسەر تراژیدیاکانی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەتوانێت خۆی بپارێزێت لەئەگەری هەر پەلامارێکی تری هاوشێوەی ئەو تاوانانەی لەم ناوچەیەدا کراوە، پشتیوانی نێودەوڵەتی پەیدابکات بۆ ڕێگەگرتن لە ئەگەری کۆمەڵکوژی تر لە ئایندەدا([6].)

[1] - محەمەد قەیتولی، ئەنفالی ناوچەی قادر کەرەم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2017، سلێمانی، ل 43 .
[2] - سالار مەحمود، ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان، ٢٠١٣، کەرکوک، ل98.
[3] - حسێن سۆران، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2010، سلێمانی، ل 90 .
[4] - شەماڵ محمد، تاقانەی ئەنفال، 23-01-2025 .دوکان .
[5] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز :نەرمین محمد احمد، سەرۆکی شارەوانی گاپیلۆن، 2025.گاپیلۆن.
[6] - چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندکار : محمد احمد، دەرچووی بەشی گەشتوگوزار لە ئامادەیی دوکان، 24-01-2025.

وێنەی (1) مۆنۆمێنتی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی




202

وێنەی (2) شەماڵ محمد(تاقانەی ئەنفال) لە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان



سەردانی مەیدانی توێژەران : 23-01-2025، مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان، لەگەڵ بەڕێز شەماڵ محمد

گەشتوگوزاری تاریک پەیوەستە بەڕووداوە تراژیدی و کارەساتبارەکان، کاتێک کە بەسەر میللەتاندا دێت بەهۆکاری جیاواز، دواجار ئەمەش دەبێتە بەشێک لە شوناسی ئەو میللەتە، ئێمە هەمیشە پێویستمان بەوەیە مێژوو و یادوەری و رابردووی خۆمان لە یاد نەکەین، بۆ ئەمەش پێویستە سەرجەم توێژە جیاوازەکان، لە هەر سات و کاتێکدا بێت سەردانی ئەم مۆنۆمێنتە بکەن، لە نزیکەوە ئاشنای گەشتوگوزاری تاریک ببن، کە بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی لەناوەندەکانی خوێندن دەخوێندرێت([1]). گەشتوگوزاری تاریک ئەم جۆرە گەشتوگوزارە جیاوازە لە جۆرەکانی تری گەشتوگوزار،

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : محمد احمد، دەرچووی بەشی ئامادەیی گەشتوگوزاری دوکان، 17-01-2025. دوکان.

چونکە کاتێک گەشتیار سەردانی شوێنەکە دەکات ناتوانێت دڵخۆش بێت و ڕەفاهیەت ببینێت، چونکە ئەم ناوچەیە تووشی ڕووداوێکی یەکجار دڵتەزێن بووە، گەشتوگوزاری تاریک تەنها لە ئەنجامی ڕووداوە مرۆییەکانەوە دروست نابێت، بەڵکو بەڵکو زۆر جار بەهۆکاری هۆکارە سروشتیەکانیش وەک (بوومەلەرزە، گڕکان، تسۆنامی ..هتد ) دروست دەبێت، یاخود بەهۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشی و مردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان و خاپورکردنی شارێک یان ناوچەیەک، دواجار ئەم ڕووداوانە بۆئەوەی لە یادوەریدا بمێنێتەوە مۆنۆمێنت دروست دەکرێت، مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دووکان، هیچی کەمتر نییە لەو ڕووداوە تراژیدیە کە بەسەر شاری هەڵەبجەدا هات، کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک سەردانی ئەم مۆنۆمێنتە دەکەن([1]). ناکرێت بڵێین گەشتوگوزاری تاریک تەنیا لایەنی خراپی هەیە و ژیان و دەروونی گەشتیار تێکدەدات، بەڵکو دەتوانین وەکو لایەنێکی گرنگی ئابووری سوودی لێوەربگرین، وەکو سەرجەم جۆرەکانی تری گەشتوگوزار ببێتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی ژمارەی گەشتیار و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە و دەستەبەرکردنی داهاتێکی باش بۆ ناوچەکە([2]). دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەک بووەتە شوێنێکی گەشتیاری، بەڵام زیاتر ئەوانەی سەردانی ئەم شوێنە دەکەن خوێندکارانن لەناو ناوەندە جیاوازەکانی خوێندن، بەڵام وەک پێویست گرنگیەکی ئەوتۆ بە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان نەدراوە، لەبەرئەوە پێویستی بە ناساندنی زیاتر و توێژینەوە هەیە، بۆئەوەی ئەم کارەساتە ببێتە پرسێکی گرنگ و هەستیار (.[3])

کەواتە دەتوانین بڵێین گەشتوگوزاری تاریک پرۆسەی گەشتکردنە، واتە گەشتیار هەڵدەستێت بە گەشتکردن بۆ ئەو شوێنانەی کە مێژووەکەیان پەیوستە بە کارەساتێکی مرۆیی یاخود سروشتی، کە بوونەتە هۆکار و ئامرازێک بۆ سەردانیکردنی گەشتیاران کە گەشتیار بەپێی پلەی کاریگەری ڕووداوەکە سەردانی ناوچەکە دەکات .

2-گوندی سەرگەڵو و بەرگەڵوو

گوندە دڵگیرەکانی ناحییەی سورداش و دۆڵی جافایەتی بەوە جیادەکرێنەوە، دیمەنەکانی وەك تابلۆیەك لە چوار وەرزی ساڵدا هەمیشە ڕازاوەیە، لە نێویاندا گوندی سەرگەڵوو بەرگەڵوو، پێکەوە دوانەیەکی دڵگیریان دروستکردووە، گوندە سەرسەوزو فێنکەکەی سەرگەڵوو بەرگەڵوو زیاتر لە 50 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانیەوە. زنجیرە چیای دابان و هەلاج دەوری گوندی سەرگەڵوویان داوە ئەمەش وایکردووە هەمیشە لانکەی شۆڕشەکان بێت، گوندی سەرگەڵوو تەنیا لەرووی گەشتوگوزاریەوە بایەخێکی گەورەی نییە، بەڵکو وەك پەرتوکێکی مێژوییش شۆڕشەکانی کورد لە ڕابردوودا لەنێو ئەم گوندە تێپەڕیووە، تەنانەت بە کیمیایی و ئەنفال ئازار دراوە، هەرماڵێکیش بدوێنیت شەهیدێکی هەیە. ئێرە گوندێکی دیکە نییە، بەڵکو ئەو خانووانە، ڕۆژگارێك بارەگای حیزبی بووە، ئێستا کراوەتە مۆزەخانە([4]).

بەرگەڵوو، دەکەوێتە دامێنی گوندی سەرگەڵوو پێشتر گوندەکە لێرە بووە، بەڵام ئێستا کراوەتە شوێنێکی گەشتیاری و چەندین کەپری تێدادروستکراوە،پڕیەتی لە شوێنەواری مێژووی گرنگ و ئەشکەوت و پاشماوەی تۆپ و فرۆکە و ئەنفال. خورەی ئاوە سازگارەکەی و سێبەری دار هەنجێر و دار گوێز وایکردووە، ئەوانە دێنە ئێرە ماندووی ڕۆژە گەرمەکانیان

[1] -چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : سەرکۆ سعید رسول، گەشتیار، 17-01-2025. دوکان .
[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : مامۆستا هادی رحمان، توێژەری ئابووری و گەشتیار، 14-01-2025. دوکان .
[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : مامۆستا بێستون حمید مصطفی، مامۆستا لە ئامادەیی گەشتوگوزار، 10-01-2025. دوکان .
[4] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : حاجی مەحمود، دانیشتوی گوندی سەرگەڵوو، 25-01-2025 سەرگەڵوو .

بیر بچێتەوە.

لەناوچەی دۆڵی جافایەتی، جگە لە گوندی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو چەند گوندێکی دیکەش هەن، کە هەوارێکی دڵگیرەو خەڵکی لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان و شارەکانی عێراق تەنانەت دەرەوەی وڵاتیش دێنە سەیرانگاکان. پەرتووکی بیرەوەرییەکانی هەر سەرکردەیەکی سیاسی یاخود هەر پێشمەرگەیە لە رابردوودا بخوێنیتەوە، بست بە بستی گوندی سەرگەڵووی تێدا تۆمارکراوە، ئەگەرچی لە رابردوودا هەوڵدراوە، ئەم گوندە لەگەڵ خاکدا تەختبکرێت، بەڵام ئازادی وایکرد، نەک تەنیا گوندەکە ئاوەدان بکرێتەوە، بەڵکو سەیرانگەیەکی هێندە دڵرفێنی تێدا دروستبکرێت، ئەوانەی سەردانی دەکەن، وێنەیەکیان بۆ یادگاری خۆیان و داهاتووی خۆیان تۆمار دەکەن(.[1]

وێنەی ژمارە (3)سەرگەڵوو شوێن تۆپبارانەکە



سەردانی مەیدانی توێژەران : گوندی سەرگەڵو، 25-10-2025 شوێنی تۆپ بارانەکە

3-گوندی تەلان

لە باکوورەوە لەگەڵ سەنتەری دوکان، لە باشورەوە گوندی سردی گەورە، لە خۆرهەڵاتەوە گوندی تەلانی خواروو، لە خۆرئاواوە گوندی دوو ئاوان هاوسنوورە، ئەم گوندە خاوەنی پاشماوەیەکی زۆر لە شوێنەواری ئەنفال و کارەساتەکانیەتی، کەم ماڵ هەیە خاوەنی کەسی شەهید و ئەنفال نەبێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیاواز و گەشتی گوندەکەمان بکەن، بۆئەوەی لە نزیکەوە شوێنەواری ئەم کارەساتە ببینن، بەتایبەتی ئەوانەی گەشتی ئەم گوندە دەکەن راگەیاندنکاران بن، ئەمەش بە بەشێک لە چوارچێوەی گەشتوگوزاری تاریک هەژمار دەکرێت(.[2]

4-گوندی یاخسەمەر : لە باکورەوە لەگەڵ گوندی گوێزیلە، لە باشورەوە لەگەڵ گوندی مێرگەپان، لە خۆرهەڵات لەگەڵ گوندی مالومە، لە خۆرئاواوە لەگەڵ گوندی شەدەڵە هاوسنوورە.

بەهۆی بوونی بارەگای هێزی پێشمەرگەو بەتایبەتی بارەگای مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەندین جار گوندەکە کەوتووەتە بەر شاڵاوی سوپای عێراق و فڕۆکەوە، خەڵکەکەی قوربانی زۆریانداوەو شەهید و برینداریان هەبووە، هەروەها ماڵ و گوندیان سوتاوەو ئاوارەو دەربەدەر بوون. هەر یەکێک لەم گوندانەی دۆڵی جافایەتی سەر بە قەزای دوکان پاشماوە و شوێنەواری کارەساتی ئەنفالی تیادا جێماوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن سەرجەم

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : شوان احمد، فەرمانبەر و دانیشتوی گوندی سەرگەڵوو، 25-01-2025. سەرگەڵوو .
[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : نووسەری بواری ئەنفال و خەڵکی گوندی تەلان: فاخیر تەلانی، 24-01-2025. گوندی تەلان .

sjh@univsul.edu.iq

چین و توێژەکانەوە سەردانی شوێنی کارەساتەکەی تیادا دەکرێت، کە بوونەتە بەشێک لە مێژووی گەلی کورد ([1]). ئەوەی وایکردووە ئەم شوێنانە جێگای تێرامان و گرنگی پێدان بێت گەشتکردنی خوێندکارانی ناو ناوەندەکانی خوێندنە لە قەزای دوکاندا، بەتایبەتی لە گەشتی زانستی بەشێوەی گروپ لە قوتابخانەکانەوە دێن بۆ لە نزیکەوە بینینی شوێنەکان، لەبەرئەوەی خوێندکاران بەشێوەیەکی پراکتیکی شارەزای گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری تاریک بەتایبەت دەبن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار پەیوەستە بەبوونی ڕووداوە تراژیدیەکان.([2]

وێنەی (4) گوندی هەڵەدن



سەردانی مەیدانی توێژەران : گوندی هەڵەدن . 25-1-2025

دەرئەنجام :

1-گەشتوگوزای تاریک (Dark Tourism) لە ناوچەی توێژینەوە جۆرێکی نوێی گەشتوگوزارە، دەستەواژەی گەشتوگوزری تاریک بە دەستەواژەیەکی بەکارهاتووی نوێ دادەنرێت، لە توێژینەوەکانی ئەکادیمی گەشتوگوزاری کە بۆ یەکەم جار لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن هەریەک لە (جۆن لینۆن و مالکۆلم فولی ) بەکارهات .

2-گەشتوگوزاری تاریک سەردانی کردنی ئەو ناوچە و شوێنانەیە کە ڕووداوی مێژوویی ترسناکیان تێدا تۆمارکراوە و بوونەتە هۆی گیانلەدەستدان و ئازار، وەک جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکان و کارەساتە سروشتییەکان، پێناسەی گەشتوگوزاری تاریک گەشتکردنە بۆ ئەو شوێنانەی کە پەیوەستە بەمردن و مەینەتی و ناخۆشیەکان، شوێنەکانی گەشتوگوزاری تاریک بە هەمەجۆری و جیاوازی لە پلەی کاریگەری ئەنجامەکانی دەناسرێتەوە .

3-گەلی کوردی بەدرێژایی مێژوو چەندین جار ڕووبەڕووی جینۆساید بۆتەوە، کەم ناوچەی کوردستان هەیە بەر ڕاگواستن و گرتن و کاولکاری و تۆپ و فڕۆکە و چەکی کیمیایی نەبوبێتەوە، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە .

ئەنفال پرۆسەیەکی جینۆساید بوو لەناوبردنی گەلی کورد بەتەواوی شوناسی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو دەرونیو دیمۆگرافیاوە، هەموو ڕەگەزەکانی جینۆساید لەخۆدەگرێت، دۆڵی جافایەتیش بەدەر نەبووە لەم کارەسات و ڕووداوە تراژیدیایانە .

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : د. ئاراس محەمەد سالّح، مامۆستای زانکۆ و خەڵکی گوندی یاخسەمەر، 25-1-2025. گوندی یاخسەمەر.
[2] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : فەرهاد صالح، مامۆستا، 26-01-2025 دۆڵی جافایەتی .

4-هەڵکەوتەی جوگرافیای دۆڵی جافایەتی شێوەیەک و سروشتێکی جوانی هەیە، ناوچەیەکی شاخاوی و دارستانی چڕە، بە لوتکەی شاخی بەرز دەورە دراوە، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە هۆزی جافە ، هەر بۆیە ئەو نازناوەی وەرگرتووە .

5-ناوچەکە دەوڵەمەندە بە گەشتوگوزاری تاریک، بەتایبەتی بوونی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دووکان و بوونی گوندەکانی سەرگەڵو و بەرگەڵو و یاخسەمەر و هەڵەدن و تەلان و سێدەر .... هتد .

6-سەرەڕای زیادبوونی حەز و ئارەزووی ئەکادیمی بۆ بابەتی گەشتوگوزاری تاریک، توێژینەوەکەمان ئامانجی بەهێزکردنی بناغە تیۆرییەکانی ئەم دیاردەیە و خستنەڕووی هەندێک لە فۆرمەکانی کردەیی بوو، ئێمە بینیمان کە چەندین شێوەی هەیە، بەڵام هەموویان پەیوەندییان بە مردن، کارەسات، توندوتیژی، یان ئازارەوە هەیە.

7-ئەم جۆرە گەشتوگوزارییە لەم دواییانەدا بە هۆی چەند هۆکارێکی تێکەڵاوەوە بەردەوام لە زیادبووندایە، لەوانە ڕووداو و کارەسات زۆرەکان لە سەرانسەری جیهاندا، بەتایبەتی کردەوە تیرۆریستییەکان و کارەساتە سروشتییەکان، هەروەها بڵاوبوونەوەی خێرای ئەم هەواڵە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە ، هەروەها ڕووماڵکردنی بەرفراوانی میدیایی هەندێک لەم ڕووداوانە.

**ڕاسپاردەکان :**

1-گرنگیدانی زیاتر لەلایەن حکومەتەوە هاوشێوەی 3/16 ی ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە . و کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە ئەنفاکراوان و پاشماوەکانیان .

2-بایەخدان بە هەموو جۆرەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوە، تاوەکو ئەوەی گەشتیاری جیاواز دروست ببێت، لە پاڵ هەموو جۆرەکانی تر، زیاتر گرنگی بەم جۆرەی گەشتوگوزار بدرێت، چونکە ئەنفال و جینۆساید بەشێکە لە شوناس و ناسنامەی گەلی کورد.

3-پێشخستنی چالاکی گەشتوگوزاری لەڕێگای چالاککردنی ڕۆڵی میدیای گەشتیاری و دابینکردنی ئامرازی کارامەیی بە بازاڕکردن لە بواری گەشتوگوزاری تاریکدا .

4-پاڵپشتیکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری تاریک، لەڕێگای کرانەوەی زۆرێک لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی گەشتوگوزار.

5. بڵاوکردنەوە و دەرکردنی چەندین پۆستەر و چاپکردنی بە ناساندنی ئەو شوینانەی کە کارەساتی تێدا کراوە و هەوڵدان بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی فلیمی دۆکۆمێنتاری لەسەر پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە .

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم :کتێب**

1. حسێن سۆران، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2010، سلێمانی

2. سالار مەحمود، ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان، 2013، کەرکوک،

3. محەمەد قەیتولی، ئەنفالی ناوچەی قادر کەرەم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2017، سلێمانی.

4. ئارام هەڵەدنی، ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، 2022، سلێمانی.

دووەم : نامەی ماستەر

1. شوکر سلام سلیم, شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و دەرهاویشتە ژینگەییەکانی لە قەزای دوکان, نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە), فاکەڵتی پەروەردە,زانکۆی کۆیە,2021.

2. ئامانج جلال احمد, شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان, نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە), فاکەڵتی پەروەردە,زانکۆی کۆیە,2015.

سێیەم : دامەزراوەی حکومی

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS),پێگەی قەزای دوکان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی,2020.

چوارەم : چاوپێکەوتن

2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : بێستون شارستێنی، پەیامنێری گەلی کوردستان و شارەزا لە پرسی ئەنفال، 23-01-2025. دوکان .
3. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : حاجی مەحمود، دانیشتوی گوندی سەرگەڵوو، 25-01-2025 سەرگەڵوو .
4. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : د. ئاراس محەمەد ساڵح، مامۆستای زانکۆ و خەڵکی گوندی یاخسەمەر، 25-1-2025. گوندی یاخسەمەر.
5. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : سەرکۆ سعید رسول، گەشتیار، 17-01-2025. دوکان .
6. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : شوان احمد، فەرمانبەر و دانیشتوی گوندی سەرگەڵوو، 25-01-2025. سەرگەڵوو .
7. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : فەرهاد صالح، مامۆستا، 26-01-2025 دۆڵی جافایەتی .
8. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : مامۆستا بێستون حمید مصطفی، مامۆستا لە ئامادەیی گەشتوگوزار، 10-01-2025. دوکان .
9. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : مامۆستا هادی رحمان، توێژەری ئابووری و گەشتیار، 14-01-2025. دوکان .
10. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : محمد احمد، دەرچووی بەشی ئامادەیی گەشتوگوزاری دوکان، 17-01-2025. دوکان.
11. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : نووسەری بواری ئەنفال و خەڵکی گوندی تەلان: فاخیر تەلانی، 24-01-2020. گوندی تەلان .
12. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز :نەرمین محمد احمد، سەرۆکی شارەوانی گاپیلۆن، 2025.گاپیلۆن.
13. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئارام هەڵەدنی، شارەزا و نووسەر لە بواری جینۆساید و ئەنفال، 21-01-205. سلێمانی .

14. چاوپێکەوتن لەگەڵ خوێندکار : محمد احمد، دەرچووی بەشی گەشتوگوزار لە ئامادەیی دوکان، 24-01-2025.
15. شەماڵ محمد، تاقانەی ئەنفال، 23-01-2025 .دوکان .

پێنجەم : المصادر العربية سەرچاوەی عەرەبی :

1. سارة درويش، مناطق الكوارث الطبيعية والحروب والمقابر تجذق عشاق، السياحة المظلمة، دراسة ترصد خريطة مزاراتها في مصر بين ساحات معارك قديمة ومدافن و ممرات سيول، ووكالات السفر توصي بزيادة التوعية والأهتمام ببنيتها التحتية، تم اطلاع عليه اليوم 2018/9/21 على الموقع www.://youm7.com/Home/
2. قاسي, نجاة(2019),السياحة المظلمة مقاربة مفاهيمية, مجلة الاجتهاد الاقضائي, المجلد 12,العدد1, الجزائر.

شەشەم : References English سەرچاوەی ئینگلیزی

1. Annacaludia Martini and Dorina Maria Buda, Dark tourism and affect: framing places of death and disaster, journal of current issues of tourism, Vol 23,issue 6,2020,
2. Babes – Bolyai, THE MAGIC OF DARK TOURISM , University of Cluj Napoca , Romania 2014,
3. Biran , Avital and Hyde Kenneth, New perspective on dark tourism , internatonal journal of culture , tourism and hospitality Research , 2013. Stone, Philip , A Dark Tourism Spectrum : towards a typology of death and macabre realted tourist sites, attraction and exhibition , Tourism : An interdisciplinary international journal , 2006,
4. Cooke , J, Dickson , H , Lonely planet Bluelist:The Best in travl 2007, Victoria , Australia , Lonely Planet Publications, 2006.
5. Corsane , G. Heritegae , Musemes and Gallery : An introductory Reader , London , Uinted Kingdom, 2005,
6. Definitions of Genocide and Related Crimes at www.un.org.
7. Gilbert M, The Holocaust ,: The Jewish Tragedy , London , Collins , 1986, p74 .
8. lennon , J , Foly , M , Dark Tourism The attraction of Death and disaster ,London, United of kingdom, 2002.
9. Matteo Benedetto , what is dark tourism , University of Applied Scinces Arts Northwestern Swizerland, 06 march 2020.
10. Merrin W. Crash, bang , wallop, what a picture : the death of Diana and the media , Mortality,1999,

11. Philip R . Stone , A dark Tourism spectrum : towards a typology of death and macabre realted tourist sites, attractions and exhibitions , Washngton, USA, 2006.
12. *Philip R Stone and Richard Sharpley, « the darker side of travel, the theory and practice of dark tourism, », 2009,*
13. *Philip Stone and Richard Sharpley, « Consuming Dark Tourism: A Thanatological Perspective », Annals of Tourism Research, Vol 35, N° 2, 2008.*
14. Ryan , C , and Kohli, R, The Buired Village , New Zeland , and example of dark tourism, Asia Pacific journal of tourism Research , No 3, 2006,
15. Shahid Rasool and others, Dark tourism, Thana tourism, and ghost tourism a bibilometric visualization review for the last 23 years(2000-2023) , Journal of hospitality and tourism insight,2024.
16. Thomas Schrier , Dark Tourism : motivation and visit intentions of tourists , University of Missoury , Columbia , Missouri , USA, 107, 2016,

# الامكانات الجغرافية للسياحة المظلمة في قضاء دوكان


**الملخص**

لسياحة المظلمة هو مصطلح جديد في المجال الأكاديمي. لذلك، حاولنا في هذا البحث تسليط الضوء على مفهوم السياحة المظلمة ونشأتها، وكذلك الأهداف والأسباب والدوافع وراء الاهتمام بهذا النوع من السياحة الذي يُعرف بالأسود أو المظلم، نظراً لارتباطه بالجوانب المظلمة والمأساوية للإنسانية مثل الموت والمعاناة والعنف.

حملة الأنفال الأولى (أنفال وادي جافاياتي - التي نُفذت من 22 شباط حتى 19 آذار 1988)، بدأت هذه الحملة بالهجوم على قرى (سركلو وبركلو) في وادي جافاياتي وامتدت من بنكرد إلى شرق بحيرة دوكان ومدينة دوكان، ومن هناك شملت مدينتي ماوت وجوارتا. كان الهدف من هذا الهجوم تدمير وإبادة 25 إلى 30 قرية في وادي جافاياتي. استُخدمت فيه أحدث الأسلحة الثقيلة التي تسببت في دمار كبير في هذه المناطق، تعرض معظم سكان المنطقة للهجوم وتمكن بعضهم من الفرار والنجاة، بينما تم اعتقال البعض الآخر من قبل الجيش واختفوا. وتعتبر هذه واحدة من أكثر المآسي تراجيدية في تاريخ الحديث. يعد نصب الأنفال التذكاري في مركز قضاء دوكان وآثار هذه الكارثة في قرى المنطقة شاهداً على رواية المأساة التي حلت بسكان المنطقة. تقوم فرضية البحث على أساس وجود أو عدم وجود أنشطة السياحة السوداء في منطقة الدراسة. في النهاية، توصلنا إلى أن هذا النوع من السياحة لم يحظ بالاهتمام والأهمية إلى جانب الأنشطة السياحية الأخرى في منطقة الدراسة، ولم يتم استخدام نصب الأنفال التذكاري كمصدر لجذب السياح.



الكلمات المفتاحية: (السياحة المظلمة، قضاء دوكان، الأنفال، أسلحة الدمار الشامل، نصب الأنفال التذكاري، التطهير العرقي)


# Geographical potentials of dark tourism in Dukan district


**Abstract**

This research is an attempt to define "Dark Tourism," which is a type of tourism associated with death and suffering; as the term dark tourism is a new term in academia. Therefore, in this research, we attempted to shed light on the concept of dark tourism and its emergence, as well as the objectives, reasons, and motivations behind the interest in this type of tourism known as dark or black, due to its connection with the dark and tragic aspects of humanity such as death, suffering, and violence..

The First Anfal Campaign (Anfal of Jafayati Valley - carried out from February 22 to March 19, 1988), this campaign began with an attack on the villages of (Sargalu and Bargalu) in Jafayati Valley and extended from Bingird to the east of Dukan Lake and Dukan town, from there it included the towns of Mawat andChwarta. The


sjh@univsul.edu.iq

aim of this attack was to destroy and demolish 25 to 30 villages in Jafayati Valley. The latest heavy weapons were used, which caused massive destruction in these areas. Most of the area's residents were subjected to the attack, some managed to escape and survive, while others were arrested by the army and disappeared. This is considered one of the most tragic catastrophes in modern history. The Anfal Monument in the center of Dukan district and the remnants of this catastrophe in the villages of the region stand as witnesses to the narrative of the tragedy that befell the residents of the area. The research hypothesis is based on the presence or absence of dark tourism activities in the study area.

In conclusion, we found that this type of tourism has not received attention and importance alongside other tourism activities in the study area, and the Anfal Monument has not been utilized as a source for attracting tourists.

Keywords: (Dark Tourism, Dukan District, Anfal, Weapons of Mass Destruction, Anfal Monument, Ethnic Cleansing(